نووسینی د . زاهیر سوران .
11 ی ئەیلولی 2004 .

# پێکووتە (کوتان)

لەم ساڵانەی دواییدا گرنگییەکی زۆر بەدروستکردنی کوتان دژی ئەو نەخۆشییانە دراوە کە تائەمڕۆ چارەیان ناکرێت یان دەرمان نییە بۆ ئەوەی ڕێژەی تووشبوون و مردن کەم ببێتەوە. هەرچەندە ئەمڕۆ ئەو خەونە نەهاتووەتەدی تا کوتانی دژی ڤایرۆسی هێرپس و زەردوویییەکان و ئەیدز و زۆربەی نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان دروست بکرێت، وەلێ لەم بوارەدا سەرکەوتنی گەورە بەدەست هاتووە چونکە هەرچۆنێك بێت ئەم چەند کوتانەی خوارەوە لەبەردەستدایە تا مرۆڤ خۆی پێبکوتێت:

- سیرەمی ئیمونۆگلۆبولین: Centeon, Berrglobin, Gammaglobulin, Gammanorm.

یان:

- سیرەمی ئاسایی ئیمونۆگلۆبولین: Endobulin, Gammagard, Gammonative, No Rimmun, Octagam, Plyglobulin, Sandoglobulin
- ئیمونۆگلۆبولینی دژی دەردەکۆپان، مێکوتەو تەپ خاڵ، زەردوویی B و سیتۆمێگالۆڤایرۆس Megalotect هەیە.

**نابێت بە هیچ جۆرێك ئەم پێکوتانە بدرێت لە خانمی دووگیان لەبەرئەوەی لە ڤایرۆسی زیندوو دروستکراون :**

1- پێکوتەی دژی مێکوتە (varilrix) .
2- پێکوتەی دژی گوێرەپە (mumps)
3- پێکوتەی دژی سورێژە (measles=Rubeola) .
4- پێکوتەی دژی سورێژەی ئەڵمانی(german measles=Rubella)

**ئەم پێکوتانە تەنیا لە کاتێکدا دەدرێت بە دووگیان کە مەترسی تووشبونی لێبکرێت دەنا مەترسی ئەوەی لێدەکرێت دووگیان یان ئاولەمە تووشی مەترسی بکات :**

1- پێکوتەی دژی سیل (BCG)
2- پێکوتەی دژی زەردەتا
3- پێکوتەی دژی ئینفلوێنزا
4- پێکوتەی دژی پنیۆمۆکۆکەس
5- پێکوتەی دژی ڕابیا
6- پێکوتەی دژی زەردووی جۆری B
7- پێکوتەی دژی (Japans Encephalitis)
8- پێکوتـــــــــــەی مێـــــــــــــشکەپەردەسۆ(Meningitidis)
9-پێکوتەی گرانەتا(Typhim Vi, Vivotif)

**پێویست ناکات ئەم پێکوتانانە بدرێت بە خانمی دووگیان:**

1- پێکوتەی دژی (tick-borne encephalitis=TBE). (لە ڤایرۆسی مردوو دروستکراوە)
2- پێکوتەی دژی هێمۆفیلیس ئینفلوێنزا جۆری B (Hib).
3- پێکوتەی دژی کۆکە ڕەشە .(دەبێتە هۆی کۆکە)

## ئەو پێکووتانەی لە سوێد بەکاردەهێنرێن:

### پێکووتە دژی سۆ بەکتریاییەکان ، ئەمانەن:

پێکووتە دژی کۆلێرا، بەنێوی Dukoral لەدەمەوە دەدرێت بەمرۆڤ.
پێکووتە دژی هێمۆفیلەس ئینفلۆنزا B، بەنێوی Hibtiter, Act-HIB,PEDVAX-HIB
پێکووتە دژی هێمۆفیلەس ئینفلۆنزا B، وەناق و دەردەکۆپان واتە سیانە DT-HIB دوو دەرزییە.
پێکووتە دژی مێشکەپەردە سۆ، Meningovax A + C دوو دەرزییە.
پێکووتە دژی کۆکە ڕەشە Diphteria Tetanus toxids acellular Pertusis واتە (DT aP)
پێکووتە دژی سووەتانەوەی پنیومۆکۆکەس Pneumovax, Pun-Imune هەردوو پێکووتەکە لەشێوەی دەرزیدایە.
پێکووتە دژی سیل (BCG) ئەمیش لەشێوەی دوو دەرزیدایە (ئەمریکاییەکان زۆرکەم ئەم دەرزییە لەخۆیان دەدەن).
پێکووتە دژی گرانەتا Vivotif, Typhim یەکەم لەدەمەوە وەردەگیرێت و ئەوی تریان دەرزییە.
پێکووتەی Pentavac دژی دەردەکۆپان، وەناق، کۆکەڕەشە، ئیفلیجی منداڵ و هێمۆفیلیوس ئینفلۆنزا بەکاردەهێنرێت.

### پێکووتە دژی سۆ ڤایرۆسییەکان، ئەمانەن:

پێکووتە دژی ئینفلۆنزا Begrivac, Fluarix, Fluvirin, Fluzone, Influva, Vaxigrip هەموویان لەشێوەی دەرزیدان.
پێکووتە دژی زەردوویی A، نێوی Havirx ە.
پێکووتە دژی زەردوویی B، هەردووکیان Engrix-B, H-B-Vax لەشێوەی دەرزیدان.
پێکووتە دژی سوورێژە، نێوی Virivac لەشێوەی دەرزیدا هەیە.
پێکووتە دژی شەپلەداری (ئیفلیجی)ی منداڵی بەنێوی Imovax Polio لەشێوەی دەرزیدا هەیە.
پێکووتە دژی مێکووتە، بەنێوی Varilrix لەشێوەی دەرزیدا هەیە.
پێکووتە دژی زەردەتا، بەنێوی Arilvax لەشێوەی دوو دەرزیدایە.
پێکووتە COMVAX TM لەساڵی 1991ەوە (لەئەمەریکا) بۆ منداڵ دژی Haemohpilus influenzae type B و زەردوویی B بەکاردەهێنرێت (3 ژەمی دەرمانەکە لە 2 ، 4 و 12 – 15 مانگیدا دەدرێت بەمنداڵ).

**هەموومان باش دەزانین لە ئەنجامی کوتانەوە هەندێك نەخۆشی تەمەنی منداڵی زۆر کەم بوونەتەوە و هاوکات ئەمڕۆ کوتانی دژی زەردوویی جۆری A ، نەخۆشی مێکوتە (Varicella) , Tick borne Encephalitis (زەردەتا) شدا هەیە . ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە لە سەر کەتانی دژی ڤایرۆسی HIV, Rotavirus, Papilloma ش لە ئارادایە و گەیشتونەتە قۆناخی تاقیکردنەوەی سەرجێگەیی . پێکوتەی نوێ بە نێوی پێکوتەی چارەسەری (vaccine therapy) بە هیوای زێدکردنی بەرگری لەش دژی ڤایرۆسی HIV وزەردوویی B و ڤایرۆسی Herpes لە ژێر تاقیکردنەوەدایە .**
**تێبینی: لەکاتی کێم و زوخاوی هەوکردنی سێ بەندە ، نیۆپۆشی هەناو، هێلکەدانەسۆی زامالّ و برینی کێم کردوودا باشتر وایە مرۆڤ بکوترێت.**
**لەسایەی ئەم کوتانانەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن (گەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ساڵانی سی، چل و پەنجاکاندا) تاڕادەیەکی زۆر ڕێژەی نەخۆشبوون و مردن کەمبووەتەوە و هەندێك نەخۆشیش هەر نەماون یان مەترسییان زۆر کەمبووەتەوە.**